فریدریک ئەنگلس

## ووتاری ئەنگلس لە کۆبوونەوەی یادکردنەوەی ڕاپەڕینەکەی پۆڵەندا لە1863

هاووەلاتیان:

پۆڵندا ڕۆڵێگی زۆر تایبەتمەند دەبینێ لە مێژووی شۆڕشەکانی ئۆڕوپا. هەر شۆڕشێک لە ڕۆژئاوادا، پێ نەکرابێ پۆڵەندا بۆ خۆی ڕابکێشێ و، ئازادی و سەربەخۆیەکەی دابین بکات، بە شکستهێنان مەحکوم بووە. با وەک نموونە، ناوی شۆڕشی1848بهێنین. ئەم شۆڕشە، لە هەر شۆڕشێکی تر، ناوچەیەکی زۆر بەرفراوانی گرتەوەو نەمسا، هەنگاریا و پروسیا بۆ ناو گێژاوەکەی، ڕاکێشا، بەلام لە بەردەم سنووری پۆڵەندا، کە لەلایەن سوپای ڕووسیادا، داگیرکرابوو، ڕاوەستا. کاتێ تزار نیکۆلاوس هەواڵی شۆڕشی فەبروەری بەدەست گەیشت، بە دەوروبەرەکەی گووت: (بەرێزان! سوواری ئەسپەکانتان بن!)و دەستبەجێ هێزەکەی ئامادەکردو لە پۆڵەندا بەچڕی گۆیانیکردەوە تا لە چرکەی گونجاودا، لە دژ ڕاپەڕیوەکانی ئۆروپادا، فەرمانی سنوور بەزاندنیان پێ بدا.

شۆڕشگێڕەکان زۆر بەباشی دەیانزانی کە پۆلەندا، ئەو کێڵگەیەیە کە دەبێ جەنگی لابەلاکەرەوەکەی تێدا بەرپابکرێ. لە5/15دا، جەماوەری پاریس بە بانگەوازی((بژی پۆلەندا)) بە زۆر چوونە ناو کۆبوونەوەی پەرلەمان تا ناچارییان بکەن، لەپێناو سەربەخۆیی پۆلەندا، جەنگ بەرپابکەن. لەهەمان کاتدا، من و مارکس داوامان لە پروسیا کرد، لەپێناو ڕزگارکردنی پۆڵەندا، دەستبەجێ جەنگ لە دژی ڕووسیا ڕابگەیەنێ و لەلایەن هەموو دیموکراتە پێشگەوتتخوازەکانی ئەڵمانیاوە پشتگیریمان لێ کرا. مرۆڤ لە فەرەنسا و ئەڵمانیا بە وردی دەیزانی کە خاڵە بڕیاردەرەکە لە کوێیە: لە گەل پۆڵەندا، شۆڕش دابیندەکرێ و بەبی وی، دەبێ شکست دەخوا.

لە فەرەنسا بەڕێز لامارتین، لە پروسیا فریدریش ڤیلهێلمی چوارەم، ئاولژاوای تزارو وەزیرە بۆرژواکانی، بەڕێز کەمفهاوزن قەت ئەو نیازەیانە نەبوو، هێرش لە دژی سوپای ڕووسیا بکەن. لەمەشدا حەقیان بوو، چونکە ئەو لەشکرە بە دوا پەرژینی خۆیان لە دژی لافاوی شۆڕشگێران دەبینی. تزار پێویستی بەوە نەبوو سوواری ئەسپەکەی بێ؛ سوپاکەی توانیان لەو چرکەیەدا بەوە بەس بکەن، پۆلەندا سەرکووت بکەن و هەرەشە لە پروسیا، نەمسا و هەنگاریا بکەن تا ئەو چرکەساتە کە بەرەوپێشچوونی هەنگارییە ڕاپەڕیوەکان کە لە(ڤییەنا)دا هەرەشە لە کۆنەپەرەستە سەرکەوتووەکانی نەمسا دەکەن. ئەوجا سوپای ڕووسیا توفانیان بۆ هەنگاریا هێناو بە سەرکوتکردنی شۆڕشەکەیان، سەرکەوتنی کۆنەپەرەستەکانی هەموو ڕۆژئاوا، دابینکرد.

ئۆروپا کەوتە سەر کەوشەکەی تزار، چونکە پۆلەندایان بەدەستەوەدا. ئەوە ڕاستییەکی دیارە کە پۆلەندا وەک وەلاتێکی تر نییە: لە مەسەلەی شۆڕشدا، دوا بەردی دامەزراندنی ماڵی ئۆروپایە؛ کێ لەم دووانەدا، شۆڕش یان کۆنەپەرەستی، حەزبکا لە پۆلەندا بمێنێتەوە، ئەوا حوکمڕانی هەموو ئۆروپا دەکا. ئەو کاراکتەرە زۆر تایبەتمەندەی پۆڵەندا، ئەو بایەخە گەورەیە پێدەدا کە بۆ هەموو شۆڕشگێڕێک ئەو بایەخەی هەیەو هێشتا لە ئیمرۆژماندا دەهێڵێ هاواری بۆ بکەین: بژی پۆلەندا؟

لە ئەڵمانییەوە بۆ کوردی: سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم 2004/6/29

---

سەرچاوە:

Karl Marx/Friedrich Engels - Werke. (Karl) Dietz Verlag, Berlin. Band 19, 4. Auflage 1973, unveränderter Nachdruck der 1. Auflage 1962, Berlin/DDR. S. 35/36.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com